

## بۆ چارەسەری چاوئێشە لەکاتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر



زۆر کەس بەهۆی زۆر بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، ئەوا بینایی کەم دەبێ و یا خۆی بینایی کەمە یان تووشی چاو ئێشە دەبن، لەکاتی بەکار هێنانی کۆمپیوتەردا دەتوانن بەهۆی کلیلی shift + alt و کلیك لەسەر ok بکەن، ئەوا سکرینی کۆمپتەرەکەیان پێچەوانەبکەنەوە بەهۆیەوە رزگار دەبن لەئێشی چاو.



## رام زیاکردن بۆ کۆمپیتەرەکەت زیاتر لەرێژەی خۆی



کۆمپانیای گێگابایت لەداهێنانێکی نوێدا هەڵسا بەدروست کردنی سلۆتێك بۆ زیادکردنی رام بۆ کۆمپیتەرەکەت، زۆر لەکۆمپیتەرەکان رادەی زیادکردنی رام بۆ کۆمپیتەر بەئەندازەیەکی کۆتایە، زۆر کۆمپیتەر هەیە لە3گێگا رام زیاتر جێگەی نییە یان نابێتەوە، بەلام ئەوکۆمپانیایە توانی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات بۆ لاپتۆپ لەرێگەی رامی USB لکاندن بەلاپتۆپەکەوە، بۆ کۆمپیتەری سەرمێزیش PC SLOT RAM دروست بکات، بەم پێیە دەتوانیت رامی کۆمپیتەرەکەت بەبێ کێشە زیاد بکەیت.

## نوێترین و خێراترین لاپتۆپ لەجیهاندا



لەداهێنانێکی نوێدا کۆمپانیای HP هەڵسا بە دروستکردنی لاپتۆپێك کەبەخێراترین لاپتۆپ دەژمێردرێت کە بەشێوەیەك کاردەکات تەنیا لای خاوەنەکەی کاردەکات و بەشێوەی PC CARD TACHـە کەئەم کارتە جۆری خوێنی خاوەنەکەی لەسەر تۆمار دەکرێ تەنانەت لەکاتی دزینیشدا کارناکات، ئەم لاپتۆپە تەنیا بۆ مەبەستی سیستەمی ئەمنی بەکاردەهێنرێت وەك فرۆشتن لەبازاردا نییە، مواسەفاتی ئەم لاپتۆپە بریتییە لە:
رامی OM 512 DD4 1.TRABET
وە 7CPU8400MHZL24MG وە ECRAN
هادیسکەکەی TRABIT 5 وە شاشەی LED TACH
14.1 وە DVD BLURAY.

# بەرنامەی ماجیک سۆفت بۆ کاری پەخشی تەلەفزیۆنی



زۆر لەکەناڵەکانی هەرێم بەئامێری میکسەری وێنە کاری پەخش دەکەن و بۆ دروست کردنی شریتی هەواڵ و لۆگۆی تایبەت دەبێ کۆمپیتەر بەکاربهێنین، بەهۆی دروستکردنی بەرنامەی ماجیك سۆفت ئیتر پێویستیت بەم ئامێرانە نابێ و تەنیا بەیەك کۆمپیتەر کە بە بەرنامەی ماجیك سۆفت کاردەکات هەموو چەناڵەکانی پلەی بۆ پەخش دەکات تەنانەت دانانی لۆگۆ و شریتی ژێرنووس و SMS دەتوانی بەکار بهێنی یەك لە سوودەکانیشی ئەوەیە کە شاشەی پەخشی تەلەفزیۆنی بە کوالێتیەکی بەرز و جوانەوە نیشان دەدات، بۆیە کەناڵەکان دەتوانن بەم بەرنامەیە شاشەکەیان جوان بکەن، مەرجی کارکردنی بەرنامەکەش بریتیە لە:



CPU i7
RAM 2GB
SD CARD PC2



# جارێکی تر مۆتۆرۆلا لە ململانێی ئەپڵ سەرکەوتوو نەبوو

لەماوەکانی پێشوو، کۆمپانیای مۆتۆرۆلای ئەمەریکی ئامێرێکی نوێی بەناوی "xoom tablet" هێنایە بازاڕەکانەوە، پێیان وابوو دەتوانێت جێی ئای پاد بگرێتەوە. بەڵام ئەوەی جێی دلخۆشی نەبوو بۆ کۆمپانیاکە، نەیتوانی ئەو جەماوەرە بەرچاوەی چاوەڕێیان دەکرد بۆخۆی رابکێشێ..



ئەوەی جێی سەرنجە لە زۆربەی رووەکانەوە، xoom لە ئایپاد پێشکەوتووترە، سیستەمی بۆردی ئەندرۆید 3ی بەکار هێناوە، شاشەکەی کوالیتی و وردی لەوەی ئایپاد پێشکەوتوترە، شێوەیەکی سەرنج راکێشی هەیە. بەڵام ئەندازیارانی مۆتۆرۆلا ئەم نەبوونی بازاڕە دەگەڕێنەوە بۆ گرانی نرخەکەی، پێیان باشە لە داهاتودا فرێرژنێکی تر دروست بکەن کەوا نرخەکەی هەرزانتر بێت لەمەی ئێستا، تاوەکو بتوانێت جێی ئای پاد بگرێتەوە.

# یاری Travian. زۆرترین بەشداربووی ئینتەرنێتە

هەندێك لەیارییەکان تایبەتن بە ئینتەرنێت، یەکێك لەو یارییانە یاری تراڤینە کە زۆرترین بەژداری هەیە کەدەگاتە 35350 و ئەوانەی کەتیادا سەرکەوتوونە 2440 کەسن، یارییەکە گرتنی قەڵایەکە و باس لە شەڕی قەیسەر دەکات، سەرەتا بەمەشق کردن دەست پێ دەکات و سێ قۆناغی دەگیرێتەبەر ئەگەر لەو سێ قۆناغانە سەرکەوتی، ئەوا دەتوانیت دەست بەیارییەکانی تر بکەیت و لەکاتی یاری کردندا دەتوانیت چەند کەسانێك لە ئینتەرنێتەوە یاری لەگەڵتدا بکەن، مەرجی بەژدار بوو دەبێ ئەندام بێ لە فەیس بووك و سایتەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و یۆنانیە.



# ڕۆڵی سەنتەرەکان لە پێشخستنی زانستی کۆمپیۆتەر

ئا/ هاوكار كۆيى

**بۆ زانینی کاروچالاکیەکانی سەنتەرەکان و چۆنیەتی خزمەت گەیاندنیان بەچینی لاوان بەتایبەتـــی لە بواری کۆمپیۆتەردا ســەردانی بەڕێــز ســەرکەوت ڕەســول بەڕێوەبەری سەنتەرەکانمان کردو بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

***بەڕێــزت بەڕێوەبــەری ســەنتەرەکانی وەك ڕێنوێنییەك بــۆ ســەنتەرەکان؟ تاچەند گرنگی بەبواری کۆمپیوتەر دەدەیت؟**

-پێش هەموو شتێك دەمەوێ ئەوە بڵێم سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتی سەنتەرەکان و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان زۆر کــەم دەســتکاری ئیــش و کاری ئەوسەنتەرانە دەکەین، ئەوان وەك کیانێکی سەربەخۆ خۆیان پەیڕەو بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن و بیری خۆیان دادەڕێژنەوە، ڕاستە ئەگەر تێبینیمان لەسەر کار و چالاکیەکانیــان هەبێت، ئەوا پێیان دەڵێین ئەم کارە بکەن باشە، بەڵام یەکێك لەکارە بەرایییەکانی ئێمە ئەوەیە کەهانیان بدەین کاری تێدابکەن، کردنەوەی خولی کۆمپیوتــەرە بۆ فێربوونــی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر بەشێوەیەکی فراوان و وۆرك شۆپ بۆ گەنجان بۆ ناســاندنی چەند ئیشــوکارێك کە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە نوێیە، بەڕاســتی ئەو کەرەستە تەکنۆلۆژییانــەی کــە لەکوردســتان پەیدادەبن بەنیسبەت خەڵکێك نوێیە، پێویستە خەڵکانی ئێمە فێر ببن و کاری لەســەر بکــەن، دەتوانم بڵێم لە 30%ی چالاکیەکانی سەنتەرەکان زیاتر بۆ ئەم بوارە تەرخان کراوە.

***ســەنتەرەکان تاچەنــد خۆیــان گرنگییان بەکردنەوەی خول داوە؟**

-کــەم و زۆر گرنگییان پێــداوە، بەڵام ڕەنگە لەئاســتی ئەو خەونانەی ئێمــە نەبێ، ئێمە پێمان باشە هەموو ئەو کەسانەی کەلەبواری کۆمەڵگەی مەدەنی و سەنتەرەکان و هەموو تیپەکان کاردەکەن، هەموویان لەبەکارهێنانی کۆمپیوتەرو بەرنامەکاندا شارەزابن، چونکە کارئاسانیە بۆ کارەکانی ئێمە.

*وەزارەتــی ڕۆشــنبیری تاچەنــد هاوکاری ســەنتەرەکان دەکات لە دابینکردنی کۆمپیوتەر و پێداویستییەکان؟

-ئێمە پێش ئــەوەی دەرماڵە بۆ ســەنتەرەکان دابین بکەین لە لیســتی داواکراویان جگە ئەساس و کەلوپەل کە دیارییان کردووە، پێشــتر پارەکە بۆ کۆمپیوتەر و ئەو ئامێرە هونەریانەیە کە پێویســتە



سەرکەوت ڕەسول

بۆســەنتەرەکان، بــاوەڕ ناکەم هیچ ســەنتەرێك کۆمپیوتەری نەبێ، بەڵام ڕەنگە بەوشێوەیە نەبێ کــە بتوانن خولی کۆمپیوتەر بکەنەوە. دەتوانم بڵێم ئەو ســەنتەرانەی کەوا کار لەبــواری کۆمپیوتەر دەکــەن بەکەرەســتەیەکی زۆر کــەم ڕەنگــە 2 کۆمپیوتەریان لابێت ئــەو خولانە بکەنەوە، ڕەنگە لەئاستی ئەو تموحە نەبێ کە ئێمە دەیخوازین.

*** هیچ سەنتەرێك هەیە کەتایبەت بێ بەبواری زانستی کۆمپیوتەر؟**

- ئێمە ســەنتەری تایبەت بــە تەکنۆلۆژیای کۆمپیوتەرمــان نییــە، وەکــو بەڕێوەبەرایەتــی سەنتەرەکان تەنیا سەنتەرێك هەیە کە زۆر ئەکتیڤە لەو بوارەدا.

**هەر بۆ ئەم مەبەســتە ســەردانی ســەنتەری ئاسودەمان کرد کە چالاکترین سەنتەرە لەو بوارەداو لەنزیکەوە چاومان بە بەرپرســی سەنتەرەکە بەڕێز ســیروان گــەردی کەوت و چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد.**

*** تــۆ وەك بەڕێوەبەری ســەنتەر تاچەند بۆ پێشخســتنی بیری گەنجان گرنگیت بەکردنەوەی خولی فێربوون داوە لە بواری کۆمپیوتەردا؟**

-ســەبارەت بەبوونی بابەتێکی وا لەجیهاندا کە بەزمانی ســەردەم بەناوبانگە، ئەگە پێشتر یەکێك خوێنــدەواری نەبووایە ئەوا بە نەخوێندەوار دادەنرا، بەڵام ئێستا ئەوەی کۆمپیوتەر نەزانێ بە نەخوێندەوار یان عەیب دادەنرێ، بۆیە ئێستا زانستی کۆمپیوتەر یەکەم ئامانجی ســەنتەرە ڕۆشنبیریەکانە کە من بەدڵنیاییەوە دەڵێم لەکوردستان سەرەتا کە سەنتەرەکان دروســت بوون لەکابینەی چوار و پێنج لەڕێگەی خــودی بەڕێز نێچیرڤان بارزانــی بوو، زیاترینیان هەوڵیــان داوە ئەو گەنجانەی کە لەســنوورەکان هەن خولی کۆمپیوتەریان بــۆ بکرێتەوە، ئەمەش لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی تر جیاوازی هەیە، چونکە هەندێك گەڕەك زەنگینن و پێویســتیان بە خولی کۆمپیوتەر نییە، هەر خۆیان خولی تایبەت دەکەن لەماڵەوە، بەڵام ئەو گەڕەکە هەژارانەی کە ئێمە کاری لەســەر دەکەین، بڕوا بکەن کە هاوینان دەرگای قوتابخانە دادەخرێ هەر کاتێك لافیتەیەك بنووسرێ تایبەت بە کردنەوەی خولی کۆمپیوتەر، زیاتر لە 250 بەشــداربوو پێوەندیمان پێوە دەکەن کەئەوە خواســتی گەنجانە خواستی نەوەی نوێیە کــەوا بزانێ بەو زمانــە پەروەردەبن، بۆیە گرنگە ئێمە هەوڵ بدەین، چونکە ئەمڕۆ هەموو زانیاری و کارێــك بووەتــە کۆمپیوتەر. ژیانــی ڕۆژانە و کارکردنمــان هەروەهــا لەهەموو دامــودەزگا و دامەزراوەیەك یا کۆمپانیایەك کە خەڵکی پێویست بێ، یەکەم مەرجیان ئەوە بووە کە کۆمپیوتەر بزانێ واتە کۆمپیوتەر پێویستییەکی سەردەمیانەیەو دەبێ ئێمە ئەو بوارە بەرجەستە بکەین.

***ژمارەی بەشــداربووان لە خولەکان چەندن و ڕێژەی ڕەگەزی مێ یان نێر زیاترە؟**

- لە سەنتەرێکەوە بۆ سەنتەرێك جیاوازی



هەیە، سەنتەر هەیە توانیویەتی خۆی بسەلمێنی، وەك سەنتەری ئاسۆ بە شاهێدی ئەوانەی لێرە بووین. هەر کاتێك خولمان هەبووبێ شوێنمان نەبووە خێوەتمان لەناو باخچەی بارەگا هەڵداوە بۆ ئەوەی گەنج بتوانێ بخوێنی، ئامانجی ئێمە فێرکردنی گەنج بووە، خولەکانمان لەسەر چەندایەتی و چۆنیایەتی بووە نەك قەرەباڵغی. گرنگ ئەوەیە تاچەند گەنج فرێر ببێ و چۆن فێردەبێ، بۆیە ڕێژەیەکی زۆر بەشداربوومان لەسەنتەرەکە هەیە، خۆش بەختانە کچان زۆر زۆر زیاتر بەشدارییان کردووە، بەڵام مانای وانییە بە تەواوەتی زانستی




کۆمپیوتەرمان فێرکردوونە، بەڵکو توانیومانە سەرەتاکانی کۆمپیوتەریان فێربکەین، بەڵام خۆیان دەتوانن گرنگی زیاتر بەخۆیان بدەن کە ڕۆژانە تاچەند دەتوانن کۆمپیوتەر بەکاربهێنن. گەنج لەگەڕەکی ئێمە زۆر زۆرە تەنانەت مامۆستایانی قوتابخانەکان کە مامۆستایان خۆیان داوایان کردووە خولی کۆمپتەریان بۆ بکەینەوە، بۆیە ئێمە بەردەوام بووینە و زیاتر لە وەرزی هاوینان کار دەکەین، چونکە ئەو کاتە قوتابخانەکان داخراون و گەنجان بێکاردەبن، خولەکانیشمان 15 ڕۆژ تا یەك مانگ دەخایەنێت.

***ئەو کەسانەی کە بەشداری خول دەکەن تاچەند لە کۆتایی تا چەند فێردەبن، ئایالە خولەکە ڕازی بوونە و زانیاریان وەرگرتووە؟**

- ئەو کەسەی بۆ فێربوون هاتبێ، ئەوا فێر دەبێ. هەشە بۆ کات کۆشتن دێت، بەڵام بەتێکڕای گشتی دەتوانم بڵێم زۆربەی ئەو گەنجانەی کە دامەزراون بە بڕوانامەی ئێمە کە بەشداری لەخولی کۆمپیوتەر کردووە دامەزراون، چونکە ئێمە مۆڵەتی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ناوەخۆمان هەیە، مۆریشمان هەیە کە مۆرەکە باوەڕپێکراوە لەسەر ئاستی کوردستان، ئەو گەنجانەی دێن زۆربەیان فێری بەرنامەکانی وۆرد و ئێکسل و ئەکسس و ویندۆز و چەند بەرنامەیەکی تر، کاری زۆر باشیان کردووە و ئەوەی لە بەرنامەیەك سەرکەوتوو بێ، ئەوا لەخولی تر و بەرمانەی تر بەشداری کردووە.

***ساڵانە وەك پێویست چەند خول دەکەنەوە؟**

- ساڵانە بەرنامەی خۆمان هەیە و مانگانەش بەرنامەمان هەیە، مەبەستیشمان لە بەرنامەی مانگانە زیاتر کارمان لەسەر گەنجانە ڕاپرسی وۆرك شۆپ و سمینار دەکەین، واتا لەو بابەتانە کار دەکەین کە زیاتر گەنج کاری پێیەتی. ڕاپرسیەك دەکەین لەسەر بابەتێك ئەو ڕاپرسیە کارنامەی ئێمە چی دەبێت کاری دووەمان چی دەبێت، بۆ نموونە گەنج پێویستی بە خولی کۆمپیوتەرە بۆی بکرێتەوە، ئینجا ئێمە هەوڵدەدەین لەناو قوتابخانەکاندا جاری واش هەیە خۆمان داوامان کردووە کە ئەو کۆمپیوتەرانەی ئێمە بەکاربهێنن لەناو قوتابخانەکەی خۆیان و خولیان بۆ بکەینەوە، چونکە جاری وا هەیە ئێمە ناچارین بچینە ناو قوتابخانەکان خول بکەینەوە لەو کاتەی کە قوتابخانەکان دادەخرێن، زۆر جاریش داوامان لە وەزارەتی پەروەردە کردووە کە ئەو سێ مانگەی کە قوتابخانە دادەخرێ قوتابخانە بکرێتەوە و بکرێتە ئارەزوومەندانە کێ دەیەوێ بابەت فێری بابەتی گرنگ و کۆمپیوتەر ببێ، بۆیە ئەو کارەی کە ئێمە کردومانە خواستێکی یەکجار زۆری لەسەر بووە و دڵنیام خەڵکێکی یەکجار زۆر فێر بووە و ڕۆژ بەڕۆژ خواستی کۆمپیوتەر و زانست بەرز دەبێتەوە.

***مامۆستایانی خولەکە تاچەند ئەکادیمین یان ڕاهێنەرن؟**

-سەنتەرەکەی ئێمە نەك تەنیا کۆمپیوتەر، بەڵکو هەموو دامەزراوەکانی سەنتەرەکەمان هەموو بەشێوەی ئەکادیمین، بەرپرسی ڕاگەیاندنی سەنتەرکە ئافرەتە و دەبێ دەرچووی ڕاگەیاندن بێ، بەرپرسی ڕۆشنبیری دەبێ یەکێك بێ لەهەرە ڕۆشنبیرە بەتواناکان کە لەئاستێکی بەرز بێ و لەئاستی مام ناوەند نەبێ تاکو بتوانێ لەگەڵ گەنجەکان بگونجێ، بۆیە هەموو دامەزراوەکانمان لەسەر ئەساسی ئەکادیمیە.

***حکومەت یان وەزارەتی ڕۆشنبیری تاچەند هاوکاری ئێوە بوونە لە دابینکردنی کۆمپیوتەر و پێداویستی زانستی دیکە؟**

-گرفتی ئێمە لە دەسەڵات گرفتێکە لە کەسانێك لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، ڕێز و خۆشەویستیم هەیە بۆیان کەمەرجەعیەتی ئێمە وەزارەتی ڕۆشنبیرییە. کە داوای ئەوە دەکەین کۆمپتەرمان بۆ دابین بکەن، دەڵێن نییە بڕۆن ئاهەنگێکیان بۆ سازبکەن باشترە، داوای داتاشۆ دەکەین بۆ پیشاندانی فیلمی کۆمەڵایەتی، چونکە ئێمە یەك لەوانەبووین کە شەوانە کۆمەڵە گەنجێکی گازینۆکان کەوا تووشی گرفت نەبن شەوانە لەناو باخچەی خۆمان بابەتی کۆمەڵایەتی لەسەر تریاك و شتی تر کە زیانی چییە نماییشمان دەکرد و پاشان گفتوگۆمان لەسەر دەکرد کە گەنجەکان وشیار بکەینەوە لەو بابەتانە، ئەوان لەو بابەتانە ناگەن.

خۆشبەختانە دەڵێم لەساڵی 2005 کە سەنتەری ئاسۆمان دامەزراند گەورەترین دەستپێشخەر خودی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بوو کەوا 10 کۆمپیوتەری جۆری dell کە ئەوکات هیچ کۆمپیوتەرێك لە 15 وەرەقە کەمتر نەبوو کە بەڕێزیان بەدیاری دایان بەسەنتەرەکەمان، تا ئێستا کاری لەسەر دەکەین و بڕیاریش وایە لەهەندێ ڕێگەوە کۆمپیوتەرمان بدرێتی بۆ ئەوەی بتوانین هاوکاری گەنجان بکەین.

